# دادوەری لێکۆڵینەوەی هەولێر فەرمانی دا خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەی (رای گشتی) دەستگیر بکرێت

دوا بە دوای پێ راگەیاندنی بڕیاری دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر رۆژی ٢٠٠٢/٥/٢٥ لە رێگای لیژنەی تەنسیقی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) و بڵاوکردنەوەی پێ راگەیاندنەکە لە رۆژنامەکانی هەرێم و، ئامادە نەبوونی تۆمەتبار (کامەران محی الدین رشید) خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەی (رای گشتی)، دادوەری لێکۆڵینەوەی هەولێر فەرمانی دەستگیرکردنی خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەی ناوبراوی لە رۆژی ٢٠٠٢/٦/١٦ دەرکرد بەپێی ماددەی (٨١و٤٣٣) لە یاسای سزای عێراقی و ئەوەش دەقی یاداشتنامەکەیە.

**بەناوی خوای بەخشندەو دلۆڤان**

هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە/
وەزارەتی داد رێکەوت
دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر

**یاداشتی دەستگیر کردن**

لە سەرتان پێویستەو ماوە دراون تۆمەتبار دەستگیربکەن و دەست بەجێ لامان ئامادەی بکەن.

چونکە بەپێی ئەو سکاڵای (ف.ل.دادی) لە دژی تۆمار کراوە، تۆمەتبارە.

١- ناوی تۆمەتبار/کامران محی الدین رشید (ب.ئا.هەولێر)
٢- دانیشتووی/ سلێمانی
٣- پیشە/ خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەی رای گشتی
٤- جۆری تاوان و ماددەی یاسایی/ (٨١و٤٣٣)ی - س و (٤و٩و١٠) لە یاسای چاپەمەنیەکانی ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٣ و رێنماییەکانی ماددەی ٢٠/ب٦ لە یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٨.
٥- ئاکارەکانی/

**مۆری دادگا** **دادوەر/هادی اسماعیل محمد**
**رێکەوت/ ٢٠٠٢/٦/١٦**

شایانی باسە دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر بە نوسراوێک دەقی یاداشتنامەکەی بۆ دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی ناردووە، ئەمەش دەقی نوسراوەکەیە.

**بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان**

وەزارەتی داد
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی
ناوچەی هەولێر
دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر ژمارە/ ٢٢٤
رێکەوت/٢٠٠٢/٦/١٦

---

**بۆ/دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی**
**بە رێگای لیژنەی تەنسیقی نێوان پ.د.ک و ی.ن.ک**
**ب.دەسگیر کردنی تۆمەتبار**

بۆ جێبەجێ کردنی بڕیاری ئەم دادگایە کە لە رێکەوتی ٢٠٠٢/٦/١٦ دەرچووە دەقی یاداشتنامەی دەستگیرکردنی تۆمەتبار «کامران محی الدین رشید» خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەی رای گشتی تان بۆ رەوانە دەکەین لەو کێشەیەی کەوا تۆمار کراوە لە دژی لە دادگاکەمان لەلایەن دادخواز نوێنەری یاسایی مەکتەبی سیاسی پ.د.ک پارێزەر برایم اسماعیل خۆشناو بەپێی ماددەکانی (٨١و٤٣٣) لە (ی.س.ع و ٤و٩و١٠) لە ی.چاپەمەنیەکانی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣و رێنماییەکانی ماددەی (٢٠)/برگە (٦) لەی.سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٨ بە مەبەستی جێبەجێ کردنی و ناردنی تۆمەتبار بە دەستگیرکراوی بۆمان... لەگەڵ رێزدا

**دادوەر**
**هادی اسماعیل محمد**

هاوپێچ/وێنەیەک لە یاداشتنامەی تۆمەتباری ناوبراو

وێنەیەک بۆ/
* لیژنەی تەنسیقی نێوان پ.د.ک و ی.ن.ک بۆ گەیاندن... لەگەڵ رێزدا
* وەزارەتی دادی هەرێمی کوردستان/بۆ زانین لەگەڵ رێزدا
* وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان/بۆ زانین لەگەڵ رێزدا
* سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر/بۆ زانین لەگەڵ رێزدا
* ئاسایشی گشتی/ بۆ بڵاوکردنەوەی لەسەر بازگەکان بە مەبەستی دەستگیر کردن.
* رۆژنامەی برایەتی و خەبات و رێگای کوردستان/بۆ بڵاوکردنەوە... لەگەڵ رێزدا
* ف.ل.دادی لە ئاسایشی هەولێر/بۆ بەدواداچوون



